# نەبوونی ئازادی چاپەمەنی لە تورکیا

**لە ئاڵمانییەوە بۆ کوردی     ڕەحیم بەهرامزادە**

بە پێی راپۆرتی حەوتووی رابردووی کومیتەتەی پاراستنی رۆژنامەوانان »Committee to protect Journailsts (CPJ)« تورکیا لە بواری بەرگری لە ئازادی چاپەمەنی لە سەرووی هەموو وڵاتانەوەیە و هەل و مەرج تەنانەت لە چین، ئێران و ئێریتێریا خراپترە.

بە پێی ئەو راپۆرتە، کە لەژێر ناونیشانی »Turkey's Press Freedom Crisis« بڵاو بووەتەوە حکوومەتی ئەردوغان لە چەند ساڵی رابردوودا بە یارمەتی گرتنی بە کۆمەڵی رۆژنامەوانان، مەحکەمەکردنی خاوەنی ئنتیشاراتەکان بۆ ئەوەی ئەوان ناچار بە خۆسانسۆری بکا مەیدانی ئازادی چاپەمەنی بە تەواوی تەسک کردووەتەوە.

سەرەتای ئەوگوستی ساڵی 2011 حەفتا و شەش رۆژنامەوان لە بەندیخانەکانی تورکیا بوون. شەست و یەک کەس لەوان راستەوخۆ لەبەر کاری رۆژنامەوانی گیرابوون. لەو تاوانانەی دەیخەنە پاڵ ئەوانەوە بەشداری لە کردەوە بۆ رووخانی حکومەت و یارمەتیدانی تێرۆر لە هەمووان باوترە. لەو راپۆرتە دا هاتووە حەفتا لە سەدی ئەو رۆژنامەوانانە بە رەچەڵەک کوردن. ئەوان لە بارەی پ. ک. ک یان رێکخراوە نا یاساییەکانی دیکەوە نووسیویانە.

بە رێوەبەری (CPJ) جۆێل سیمۆن رەخنە لەو شێوازەی حکومەتی تورکیا دەگرێ، کە رۆژنامەوانی و تێرۆریسم وەک یەک دادەنرێ. ناو براو گوتیشی باری ئاسایشی وڵات هیچ پاساوێک نییە بۆ گرتنی رۆژنامەوانەکان. ئەو داوای لە رەجەب تەیپ ئەردوغان کرد لەبری هێرشکردنە سەر رۆژنامەوانان ئازادی وان دەستەبەر بکا و رێفۆرمی پیوست وەرێ بخات.

سەرچاوە:

/http://www.zenithonline.de/deutsch/home/quicknews/artikel/tuerkei-weniger-pressefreiheit-als-im-iran-003431